وەزارەتی گواستنەوە: یەکەم ئامێری سیستەمی پشکنینی ئەمنی گەیشتە فڕۆکەخانەی بەسرە



ئەمڕۆ سەشەممە، وەزارەتی گواستنەوە، ڕایگەیاند کە یەکەم ئامێری سیستەمی پشکنینی ئەمنیی گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەسرە .

ڕوسەن زوبەیدی، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکان لە وەزارەتی گواستنەوە، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: "بە ئاڕاستەی ئیزاق موحەبس سەعداوی، وەزیری گواستنەوە، بە بەرزکردنەوەی کارامەیی ئیدای ئەمنی و پڕۆپێدانی ژێرخانی فڕۆکەخانەکانی عێراق، ئامێری پشکنینی کەسەکان لە جۆری (Body Scan – Rohde & Schwarz) بە کراون دابەش گەشتیارانداھەڵی لێناو کە ، بەسرە فڕۆکەخانەی گەیشتووەتە ئەوەی بەپێی نوێترین پێوەر و تەکنەلۆجیای جیهانی لە بواری ئاسایش و سەلامەتیدا کار بکەن."

هەر بەم گوزارەی ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش هاتووە کە : "ئەم ئامێرانە، بە یەکەمین جۆری خۆیان دادەنرێن کە دەچنە نێو عێراقەوە، لە چوارچێوەی پڕۆژەی دابینکردن، دامەزراندن و کارپێکردنی ئامێرەکانی پشکنینی جانتا، کەسەکان و ئەتەمبەلەکان، کە لەلایەن پارێزگای بەسرەوە گرێبەستی لەسەر کراوە"، ئاماژەی بۆدا کە "ئامێرەکان بە سێرکێوتوویی جێگیر و کار پێکراون."

زوبەیدی جەختی کردەوە، "ئەم هەنگاوە نوێنەرایەتیی دەستکەوتێکی جۆری دەکات کە بەشدار دەبێت لە بەهێزکردنی ئاستی خزمەتگوزاریيە ئەمنییەکان و بەرزکردنەوەی کوالێتیی ئیدا لە فڕۆکەخانەی

نەودەوەتیی بەسرە، کە ئەمە بووە بە یەکەم فڕۆکەخانە لە عێراقدا خاوەنی ئەم تەکنەلەجیا پێشکەوتووە بێت."